# سوریا مەنزڵگای لەشفرۆشی



سوریا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایی بۆتە مەنزڵگای لەشفرۆشی و بە ئاشکرا دەرگاکانی سێکس بە رووی خەڵک و گەشتیاران کراوەتەوە، لەو هۆکارانەی کە ئەو دیاردەیەی زەق کردۆتەوە، سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتە و باری گرانی ئابوورییە.
بۆیە ئێستا دەنگی نارەزایی ناوەخۆیی و دەرەکی لێرە و لەوێ بەدی دەکرێت، ئەمەش وای لە دەسەڵاتی ئەو وڵاتە کردووە، کە بیر لە چارەسەرێکی یاسایی بکاتەوە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە.

ئەو وڵاتە بە نیازە لە رێگای دەسەڵاتی یاسایی و پسپۆڕەکانی، یاسایەکی نوێ لەسەر ئەم بابەتە دەربکات، بەجۆرێک ئەو ئافرەتانەی کە بە زۆری دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، بە قوربانی بژمێردرێن و سزا نەدرێن. هەنبەر ئەوەش سزای قورس بۆ ئەو کەسانە ببڕدرێتەوە، کە بازرگانی بە سێکس دەکەن.

رێکخراوە مرۆییەکان، باس لەوە دەکەن کە بازرگانی بە سەدان کچ دەکرێت و بۆ سوریا دەهێنرێن، بۆ ئەوەی کاری لەشفرۆشییان پێ بکرێت، ئەو ریپۆرتانە ئاماژە بەوە دەکەن، کە هەفتانە زیاتر لە ٥٠ ئافرەتی عێراقی بە تۆمەتی لەشفرۆشی دەخرێنە کوچی زیندانەکانەوە.

حکومەتی سوریا، بۆ ئەو مەبەستە، لیژنەیەکی بەرفرەی چێکردووە، کە نوێنەری وەزارەتەکانی ناوەخۆ و دەرەوە و فێرکردنی باڵا و رێکخراوەکانی ئافرەتان و مانگی سوور و سەرەڕای پسپۆڕە یاساییەکان.

دۆکتۆر ئیبراهیم دەراجی، کە مامۆستای یاسای نێودەوڵەتییە لە زانکۆی دیمەشق و ئەندامانی رەشنووسی یاساکەیە، دەڵێت: (( ئەو یاسایە نوێیە ئیسغلالکردنی بازرگانیکردن بە ئافرەت و خزمەتگوزارەکانی ماڵەکان قەدەخە کردووە، ئەمە جگە لەوەی کە بازرگانیکردن بە منداڵ و بەکارهێنانیان بۆ گەمە هەوەسبازییەکان، سزای توندیان بۆ دانراوە)).

دەراجی درێژە بە قسەکانی دەدات و خاڵێکی گرینگی یاساکە ئاماژە پێدەکات، ئەویش بەکارهێنانی وشەی